

# پۆلیسی نەمسا تەرمی چوار کەسی دۆزیوەتەوە دوای ئەوەی فڕۆکەیەک لە ناوچەیەکی شاخاوی وڵاتەکە کەوتە خوارەوە

پۆلیسی نەمسا تەرمی چوار کەسیان دۆزیوەتەوە دوای ئەوەی ڕۆژی شەممە فڕۆکەیەک لە ناوچەیەکی شاخاوی ڕۆژئاوای وڵاتەکە کەوتە خوارەوە.

کاربەدەستانی نەمسا ڕایانگەیاند کە فڕۆکەکە لە نزیک ناوچەی گرینەئامتال کەوتە خوارەوە و ئۆپراسیۆنی گەڕانێکی بەرفراوان دەستیپێکرد بۆ دۆزینەوەی پاشماوەکانی لە ناوچەیەکی شاخاوی کە بەفرێکی زۆری لێباریبوو.

پۆلیس لەدوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە ڕووداوەکە پشتڕاستیکردەوە، کە تا ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە، هەروەها هۆکاری کەوتنی فڕۆکەکە.

ئاژانسی هەواڵی نەمسا بە ئاماژە بە ماڵپەڕی تۆڕی سەلامەتی فڕۆکەوانی ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی تاک بزوێنەری جۆری ڕۆکوێڵ کۆماند 112B لە فڕۆکەخانەی پریبرام لە کۆماری چیکەوە بەرەو مێدولین لە کرواتیا فڕیوە و لە نەمسا تێکشکا و کەوتە خوارەوە.